www.kurdistannet.org
28-12-2005 22:08بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

## تـکـایـە... !! ...  ئەنوەر محەمەد ئەحمەد

بەڕێزان و خۆشەویستان..
مافپارێزەران و مرۆڤدۆستان..
وا زانستانەتر نییە، بەر لەوەی یەکگرین، بزانین بۆچ یەکبگرین.. ؟!
بەر لەوەی ناوی خۆمان بخەینە سەر لیستێکی کۆمیتەیەکی پشتگیری، بزانین بۆ؟! ئەوەی کە هەمووتان باسی لێوە دەکەن. بڕینەوەی 30 ساڵ زیندانی بەڕێز د. کەمال سەید قادر ە، ئەویش لەسەر دوو وتار (نووسین!).
دەی باشە هەڤالنۆ، وەرن با بزانین ئەو دوو وتارە چین، واتە بابەتەکان چین.. ؟! ئایا ئەو بەڕێزە کێیە.. ؟! نووسەرە.. ؟ بیرمەندە.. ؟ دەی با لەبەر ڕۆشنایی بەرهەمەکانیدا پارێزگاری لێبکەین و گەلەکۆمەی بۆ بکەین. نەوەسایە.. ؟!
دەی فەرموو با بەڕێزێک ئەو دوو نووسینەمان جارێکیتر بخاتەوە بەر دیدی خوێندنەوە و بیر لێکردنەوەوە. واتە کەسی پشتگیریکەر، دەبێت بزانێت، ئەو بەڕێزە چی وتووە و چی نووسیووە.. ئەوسا دەتووانێت بڕیاری پشتگیری بدات یان نە و.. تکایە، ئەم پێشنیارە بە جددی وەربگرن.. دەنا بەشداری کەسێکی بێئاگا لە (باسەکە!)، بە چیلکە و چەوێڵ و پارچە کاغەزی دەووری گێژەڵوکە دەچووێنرێت.. لەگەڵ ڕێزمدا بۆ بیر و کەسی ئازاد.